www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:02 13-2-2007

# سەرۆکی وەفدی فەلەستین لە سەر خاکی کوردستان دژایەتی ئاڵای کوردستان دەکات ... ڕزگار گوڵەباخ

پاش ئەوەی وەفدێکی فەلەستینی سەردانی سەرۆکی عێراقیان، بە مەبەستی دابین کردنی جێگەی ئارام بۆ فەلەستینییەکان، کرد، سەردانی هەرێمی کوردستانیشیان کرد، دواتر (جبریل رجب) و فازڵ میرانی کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیان سازداوە. بۆ ئەو کۆنگرە ڕۆژنامە نووسییە، جبریل جبر ڕاشکاوانە ووتوویەتی کە ئامادە نییە لە کاتی کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەدا ئاڵای کوردستانی لە پشتەوە بێت 1.

ئەو دژایەتی کردنە ڕاستەوخۆیەی ناوبراو لە بەرانبەر ئاڵای کوردستان

لە 3 خاڵە وە سەرچاوەی گرتووە:

1 / ئاڵای کوردستان بەو ئاستە نابینێت، کە شان بەشانی ئاڵای بە حساب فەلەستین هەڵبکرێت.

2 / دەربڕینی ڕای شۆڤینییەتی خۆی وەک نوێنەری سەرۆکی بە حساب فەلەستین، لە بەرانبەر ئاڵای کوردستان، وە ک ئامەژە یەک بەوەی کە دان بە ئاڵای کوردستاندا نانێن.

3 / دڵنیابوونی لەوەی کە سەرکردایەتی کورد دڵی نایەت دڵی (برای فەلەستینی) بشکێنێت، گەر تەکلیفی واو دژایەتی وای بۆ ئاڵای کوردستان هەبێت.

هەڵەی گەورەی سەرکرایەتی کورد و تاکی کورد، لەوسا و لە ئێستاشدا، ئەوە بووە و ئەوەیە، کەوا تێگەیشتوون، کە بێ دەوڵەتی و ستەم دیدەیی خۆمان ببەستنەوە بە بێ دەوڵەتی فەلەستینەوە. گەر وا تێبگەین و پشتگیری دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین بکەین، بەوەی ئەوسا نۆبەی ئێمە ش دێت و ئەوانیش پشتگیری ئێمە دەکەن، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی، ئەوا بۆچوونێک و تێگەیشتنێکی هەڵەیە، چونکە هیچ فەلە ستینییەک سەیری ئێمەی کورد، وەک نەتەوەیەکی ستەم دیدە ناکات. ئەو جۆرە تێگەیشتنە، جگە لە وەهمێک چیتر نەبووە و نییە، چونکە ئامانجی گەیشتنە ترۆپکی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی نابێت بە فەلەستینەوە ببەسترێتەوە، لەبەرئەوەی دوو نەتەوەی جیاواز، دوو نەتەوەی سەردەستی جیاواز و دوو جوگرافیای جیاوازن. ئەو مۆدێلی یەکسان کردنی دامەزراندنی دە وڵەتی کوردی بە دەوڵەتی فەلەستینەوە، مۆدێلێکی بەسەرچووە و جگە لە خۆدزینەوە و هێنانەوەی بیانوو (مبرر) ی بێمانا بۆ باس نەکردنی دەوڵەتی کوردی چیتر نین.

فەلەستینییەک کە لە کاتی ئێستا تەنها خاوەنی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمییە

لە وولاتی ئیسرائیلدا، ئامادە نەبێت، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا ئاڵای کوردستانی لە پشتەوە بێت، ئەی دەبێت بە کام پێوانە سبەینێ کە بووە خاوەنی دەوڵەت پشتگیری ئێمە بکات. پێم سەیرە کە چۆن جبریل رجب ڕازی بووە، کە لەکاتی سازدانی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا، مایکرۆفۆنی تەلەفزیۆنی کوردستانی لە بەردەمدا بێت، چونکە میدیاکانی یەکیەتیماڵیان ئاوا بێت، تەقدیریان کردووە، تەنها مایکرۆفۆنێکیان بۆ داناوە، کە تەنها PUK لەسەر نووسراوە، هاوکات دیارە بۆ یە بەو مایکرۆفۆنەی تەلەفزیونی کوردستان ڕازی بوە، چونکە (K) ەکەی، لە سینی سەتەلایت دەچێت. دیارە (معالیان) ڕازی نەبووە، کە ووشەی کوردستانی لەبەر دەمدا بێت 2، گەر بەووردی لە وێنەکەی خوارەوە بڕوانرێت، ڕاستی دەردەکەوێت.

سیاسەتی ئەمڕۆی سەرکردایەتی کورد بەرژەوەندی تاک، مێژوو، جوگرافیا و هەڵوێست لە بەرچاو ناگرێت، هاوکات تێرکردنی خواستەکانی (تاک) ی نەکردۆتە و ناکاتە ئامانجی. ئەو ئارستەیەی کە ئەمرۆ سەرکردایەتی کورد گرتوویەتییە بەر بەلە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسێ، دەوڵەتانی عەرەبی و نەتەوەی سەردەست، ئاراستەی سیاسەتی کورد بۆ قووڵترین بونبەست دەبات، بەرەو شکست و دۆڕانێکی خۆ کردی و لەسەرخۆی دەبات.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەوەی بۆ من جێگەی سەرنجە ئەوەیە، ڕووە تراژیدیاکەی سەردانی وەفدەکەی فەلەستین دەشاردرێتەوە و پاڵپشتی ئەو ناحەقیە دەکرێت،

کەسەرۆکی وەفدەکە لە بەرانبەر ئاڵای کوردستان دەربیرپیوە.

لەپشت ئەو کۆنفراسە یان باشتر بڵێین گەمە ڕۆژنامەوانییەوە، هونەری شاردنەوەی ڕاستییەکان و قسەکانە. ئەوەتا باس لەوە دەکرێت، کە باس

لە هاتنی فەلەستینییەکان بۆ کوردستان نەکراوە، لە کاتێکدا کە تاکە ئامانجی سەردانەکە تەنهاو تەنها هێنانی فەلەستینییە بۆ کوردستان و تەعریب کردنێکی ترە بە ئاراستەیەکی تر.

وا باس دەکرێت کە بە نهێنی باس لەوە کراوە، کە فەلەستنییەکان زیاتر

لە کەرکوکدا جێگیر بکرێن، دیارە ئەوە بۆ خۆی نیازێکی لە پشتەوەیە.

سەرکردایەتی کورد ئەورۆ دوو تێڕوانینی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە، یەکەم ئەوەیە کە هەرێم سەرباری ئەو ڕواداوانەی لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعسەوە لە ئارادان، ئارامە. وە دووەمیشیان ئەوەیە، کە هەرێمی کوردستان دەرگای والایە، لەبەر دەم هاتنی کۆنە بەعسی، سوپاسالارانی ئەوسای سووپای عێراق، فرۆکەوانە جەنگییەکانی ئەوسای ڕژێم، مامۆستایانی زانکۆ، کارمەندو کاسبکار و هەر عەرەبێک کە بیەوێت بێتە هەرێم. ئەم دیدەیان، لە دیدی سەرکردایەتی کوردەوە، ئەوە بەر جەستە دەکات، کە هەرێم دەبێتە مۆدێل و سەرچاوەی درووستکردنی ئارامی بۆ سەرتاسەری عێراق. من بە ش بە حاڵی خۆم لەگەڵ ئەوەدام کە نائارامی ئێستای شارەکانی تری عێراق، ئەورۆ بێت یان سبەی، پریشک دەهاوێتە کوردستان و شارەکانی هەرێمیش دەگرێتەوە.

کورد و تاکی کورد لە شارە عەرەب نشینەکاندا بە کوشتن، سەربرین و تۆقاندن پێشوازی دەکرێن، عەرەبیش لە شارەکانی هەرێمدا بە گوڵ. سەرۆک وەزیرانی فەلەستین پێشمەرگەی بە جەردە و درندە دایە قەڵەم، سەرکردایەتی کوردیش شوێنی ئارام بۆ فەلەستنی دابین دەکات، ڕەنگە بشیانکەنە پەناهەندە و مووچەشیان بۆ ببڕنەوە.

بێگومان هێنانی فەلەستنی نیازێکی گڵاوی لە پشتەوەیە، چونکە هیچ فەلەستینییەکە لە عێراقدا ژیانی لە مەترسیدا نییە، لەبەر دوو هۆ:

1/ ئەوەی ئەورۆ دژایەتی ئەمریکا دەکات، عەرەبی سوونەی عێراقە، یان باشتر بڵێین کۆنە بەعسییەکانن، بۆیە هیچ فەلەستینییەک لەلایەن ئەوانەوە دژایەتی ناکرێت، چونکە فەلەستنیش وەک عەرەبی سوونە نان خۆری دەستی سەددامی گۆڕ بە گۆڕ بوون.

2/ تا ئێستا لە هیچ میدیایەکەوە باس لە وە نە کراوە، کە فەلەستینی کوژراوە یان فڕیندراوە، بە پێچەوانەوە ڕەنگە خۆیان بەو کارە خراپانە ش هەستابن، چونکە بۆ هەموو فەلەستینییەک سەدام پاڵەوان بوو.

ڕازی بوون لە سەر هێنای عەرەبی عێراقی و فەلەستینی تەعریب کردنێکی هێمنانەی کوردستانە و داهاتوویەکی دوور یان نزیک دەری دەخات و باجەکەی دەدەین، وە بە هاتنی فەلەستینی بۆ شارەکانی هەرێم و بۆ کەرکوک، ئاکامێکی خراپی دەکەوێتەوە و نائارامی زیاتر بۆ کەرکوک چاوەڕوان دەکرێت. کاتی خۆشی کە چەتەکانی سەدر هاتنە کەرکوک باسمان لەوە کرد، کە دوای هاتنی ئەوانە تەقینەوە زیاد دەکات،

ئەوەبوو هەروا دەرچوو.

هێوادارم تاکی کورد و ڕۆشنبیری کورد چیدی خۆیان بە برای فەلەستینی مەست نەکەن، چیدی ئەو بالۆرە کۆنەمان بۆ نەژەننەوە و دژایەتی ئەو تەعریب کردنە هێمنانەیە بکەن، بە شیوازی جیاواز دژی بوەستن و لە ئاستیدا بێدەنگ نەبن. فەلەستینییەک کە ئەورۆ خاوەنی هێچ دەسەڵاتێک نییە، بێت و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەنانەت لەسەر خاکی خۆمان، ئامادەیی تیا نەبێت، کە ئالای کوردستانی لە پشتەوە بێت، ئیدی دەبێت چاوەڕوانی چ هەڵسوێستێکی باشی بۆ ئاییندە لێبکرێت.

1 تکایە بڕوانە کوردستانی نوێ ژمارە 4192 ی ڕۆژی 12. 02. 07 بەم لینکە:

http://www. puk. org/web/htm/pub/kn/knissue. asp

2 وێنەی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە، کە لە بری ئالای کوردستان، کاشی مەرمەڕیان لە پشتەوەیە. وێنەکە لە سایتی پەیامنێرەوە وەرگیراوە.




بەرلین 12. 02. 2007

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.